# گەندەڵی و هەڵبژاردنێکی گەندەڵ!

**خەسرەو سایە**

ئەم رۆژانە پروپاگەندەی "هەلبژاردن"، باسی گەندەلی هیناوەتە سەر زاری هەمووان. لەتالەبانی وبارزانیەیەوە، تا سەرانی وردو درشتی لیستی هاوپەیمانیتی، لەئەفەندییە موسولمانەکانی یەکگرتووی ئیسلامی و مەلای مزگەوتەکانییەوە، تا رۆشنبیران و لاوان و خەلکی سادەی سەرجادە، هەمووان بەهەربۆنەیەکەوەبیت، باس لەپەتای گەندەلی دەکەن. بەلام ئەوەی رۆشنە لەم کایەیەدا هەمووان نەبەیەك زمان وەنە بۆیەك مەبەست، ئەم باسە لەسەر زاریان دێتەدەرەوە.

سەرەتا ئەگەر لەبەرەی تالەبانی وبەرزانی ولیستی 730یانەوە دەستپیبکەین ئەبینین و ئەبیستین کە ئەمانە لەهیچ کورو کۆبوونەوەیەکیاندا نییە باسی گەندەلی نەکەن و دان نەنین بەوەدا کە ئیدارەو حکومەتەکەیان توشی پەتای گەندەلی و فەساد هاتووە. تەنانەت بۆ خودەربازکردن لەرەخنەو وەلامی لاوان وخەلك، جاریك بەزمانی پاکانەو پارانەوە و داواکارکردن بۆ بەشداری لاوان وخەلك لەچاکسازی دەسەلاتی ئیستایاندا پیشنیار دەکەن وجاریکیتریش بەزمانی هەرەشە دەدوین و موزایەدەی ئەوە دەکەن بەسەر خەلکەوە کە ئەوان بەرەی قوربانی وخوینی هەزاران "شەهید" ودەستکەوتەکانی کوردایەتین!.. و ریگا نادەن بەوەی کەباسی گەندەلی ببیتە مایەی ئاشوب و دژایەتی "حکومەتەکانی هەریم". بەلام ئەوەی لەمبارەوە وەك یەك راستی چەسپاو خوی نیشانداوە، ئەوەیە کەباسی گەندەلی ودزی و فەساد ئەلقەیەکی لاوازی نیو پروپاگەندە و دەزگاکانی راگەیاندنی لیستی هاوبەش و هەردو حیزب ودەسەلاتەکەی یەکیتی وپارتییە وناتوانن بەلگەو ریگای قانعکەر بخەنەبەردەم رای خەلکەوە. ئەم ئەلقەیە هیندە لاوازە هەرگیز بەپروپاگەندەی فاشیستی و لومپەنیانەی دەزگاکانی راگەیاندن وگیرانەوەی شعوری خەلك بۆدەورەی "سەروەرییەکانی کوردایەتی" وشەرەکانی پیشمەرگە ونەرِنەرِەکانی "فەرهاد سەنگاویی وشیعرە رەسەنەکانی شیرکۆ بیکەس" سەبارەت بەچارەنوسی کورد و"سەرگوزشتەی ئازیزانی ولات"، پرناکریتەوە. تەنانەت گەندەلی هیندە ئەلقیەیەکی لاوازە، کەهەرگیز بەسازکردنی فەزای تراژیدی وگیرانەوەی تاوانەکانی ئەنفال و هەلەبجە وهاوکات بەنیشاندانی کلیپی گۆرانی وسرود و هەزەلیاتە ناوەرۆك پوچەکانی بەرنامەی بەرنامەو ئەوانیتر داناپۆشریت. ئاخر رۆشنە کەپروپاگەندەو چاوبەستکردن و فریودان ودرۆکردن تاسەر ناتوانی کاریگەر بیت وخەلکی لەراستییەکانی ژیانی خۆیان تاسەر دوورخاتەوە. بەتایبەتی خەلکیك کەتەجروبەی ژیانکردنی 15 سال حاکمیەت و حکومەتی ئەمانەی بەسەربردبیت، و بیبنی کەچۆن تاقمیکی چەکبەدەستو نامو بەژیانی شاری ومەدەنی خەلك بەناوی کوردایەتییەوە ولەسەر زەمینەی ستەم و زولمیکی نەتەوایەتی کەصدام حسین ورژیمەکەی پیکی هینا بۆیان، ژیانیکی شاهانەو فیرعەونانەیان بۆخۆیان و دەست وپیوەندەکانیان دروستکردووە. پروپاگەندە ناتوانی جیاوازی نیوان سەروەتمەدارانی کوردایەتی وسامانی کۆبووەوە لەدەستی دەلالان و مقاول ودزە گەورەکانی نیو سەرانی یەکیتی وپارتی لەلایەك و هەژاری ونەبوونی وبیدەرەتانی جەماوەر بسریتەوە. پروپاگەندەی هەلبژاردن و کوردایەتی ناتوانی گیرفان پری سەرانی یەکێتی وپارتی بەتالکاتەوە و کوشکی رازاوە و خوانی یەغمای دەسەلاتداران دەست بەسەردابگری و بیخاتە ئیختیار خەلکی هەژار و نەبووەوە.

لەراستیدا باسی گەندەلی لەلای لیستی هاوپەیمانیتی بەتەوای لەوەدا بن بەست دەبیت وەختیك خویندکاریك لاویکی کچ، ماموستایەکی زانکو کریکاریکی هەژار.. لییان دەپرسی:

ئاغاگیان ئەگەر ئیوە بەزمانی سادە دەلین گەندەلی هەیە بۆپیمان نالین کین؟ بۆ سەرچاوەی گەندەلیتان ئاشکرا ناکەن؟ ئایا ئیوە خوتان حکومەت و چەك بەدەست و وەزارەتخانەکانتان بەدەستەوە نییە؟ دەتانەویت بەئیمە بلین چی؟.. ئاخر گەندەلی لەدەرەوەی حکومەت و دەسەلات و یاسا و سیستەمی ئیداری و کارنامەی بەریوەبەرانی ئیوە لە شوینیکیتر هەیە؟ بەراستی دەتانەویت چی بەئیمە بلین.. گوایە ئەم دانپیدانانەی ئیوە بەگەندەلیدا شتیك تیمار دەکاو چاکسازییەك بەدوای خویدا دینی، تا ئیوە دەسەلاتداری ئەوەل و ئاخربن؟

بەلام بەجیا لە لەلیستی 730، باسی گەندەلی ئەمرۆ بۆتە بابەتیکی سەرەکی پروپاگەندەی لیستی یەکگرتووی ئیسلامی. گوایە ئەم عالیجەنابانە دژی گەندەلین و بۆیە خۆیان جیاکردۆتەوە تا چاکسازی لەژیانی خەلکدا بکەن!.

بالەوە بگەریین کەباسی گەندەلی لەلای یەکگرتووی ئیسلامی راستەوخۆ بۆ مەبەستی راکیشانی رای خەلك و وەرگرتنی دەنگەکانیانە، تامەلا و ئەفەندییەکانی یەکگرتوو بگەیەنتیە پەرلمانی داهاتووی عیراق. بەلام ئەوەی جیگای ئاماژەیە ئەوەیە یەکگرتوو خوی سەرچاوەی گەندەلی کوردستانەو ئەو پەتایە لەگۆشەیەکییەوە لەم حیزبەوە داکەوتووە.. بەراستی ئەوە چ تەلیسمیکە کە یەکگرتوویەك بەدریژایی بوونی، دەستی لەنیو دەستی یەکیتی وپارتیدا بووە و لەوەزارەت و حکومەت ودەسەلاتەکانی هەردوولادا شەریکەبەش بووە و هەمان ئەو یاساو بریارو بەریوەبەرایەتییانەی ئیدارەکردوە کە یەکیتی وپارتی دایمەزراندوون، کەچی ئیستا دەم لەباسی گەندەلی یەوە دەدا؟ ئایا بەخۆجیاکردنەوەی لەلیستی هاوپەیمانیتی دەتوانی لەم شەریکە بەشبوونەی گەندەلی دەسەلاتی کوردایەتی خوی رەها بکا؟

راستییەکەی یەکگرتووی ئیسلامی هەرلەسەرەتای پەیدابوونییەوە لەسەر گەندەلی دامەزراوە. پارەوپۆلیکی زۆری "ئیغاسەی ئیسلامی" و سعودییەی عەرەبی ریگای دا بەتاقمیك مەلا و ئەفەندی قورعان خوین، لەدەرورەیەکی بیدەرەتانی و نەبوونیدا، رووبکەنە خەلکی هەژار و برسی و بەدانی پارەو پول بەناوی هەتیوانە و دایکانەو سەرفترەوە... خەلکی بەدەوری خۆیانەوە کۆبکەنەوە و لەنیو تۆری مزگەوتەکانەوە بیان کەن بەموسولمان و کادرانی یەکگرتووی ئیسلامی.. یەکگرتوویەك کەدەرگاکانی کونەپەرستی ومزگەوت و ژوورە تاریکەکانی قورعان خوینی لەسەر منالان ولاوی ولات کردۆتەوە و ئەوانیان لەرووناکایی ژیان دابراندووە، یەکگرتوویەك کە لەسەر زەمینەی نەبوونی وبیکاری وبیدەرەتانی ژەهری ئیسلام و گەندەلی وفەسادی کومەلایەتی بلاودەکاتەوە.. چۆن دەتوانی لایەنیکی چاکسازی و داکوکی خواستەکانی منالان و لاوان بیت؟ چون دەتوانی خاوەنی نارەزایەتی خەلك بیت بەدژی گەندەلی؟؟ لەواقعدا پاکسازی و نەهیشتنی پەتای گەندەلی لە گۆشەیەکی خۆیدا

لەکەنار خستنی دەستی یەکگرتووی ئیسلامی و لایەنە هاوشیوەکانی ئەون بەسەر ژیانی خەلکەوە. ئەو ناکۆکیەش کە ئەمرۆ لەپەیوەند بەهەلبژاردنەوە لەنیوان لیستی هاوپەیمانیی و یەکگرتوودا، هاتۆتە کایەوە، لەسەر مەسەلەی گەندەلی، پەیوەندییەکی بەبەرەی خەلك و ئامانجەکانیەوە نیە. کیشەی ئەم دولایەنە تەنها مونافەسەیە بەناوی گەندەلیەوە بۆ راکیشانی رای خەلك و وەرگرتنی پەنجە موریان، بۆ گەرمکردنی بازاری دەنگدانیانە و نەهیچی تر.

بەجیا لەلیستی 730 و یەکگرتووی ئیسلامی باسی گەندەلی و هەلبژاردن بۆخەلکی کوردستانیش مەسەلەیە: بەتایبەتی لەدەورەیەکدا کە تەوەقوعاتی لاوان و خەلکی کوردستان چۆتەسەرێ و بەسادەیی دەرکی جیاوازی بەرژەوەندییەکانی خۆیان و دەسەلاتداران و ئەحزابی ئیسلامیان کردووە. نارەزایەتیەکانی ئەم ماوانە بەلگەن بۆئەوەی کە کۆمەلانی خەلکی خەریکن فاصیلەیەکی رۆشن لەسەر مسەلەکانی ژیان لەگەل ئەحزابی بۆرژوازی کورد دەگرن و دەورەیەکی نوی لەکیشمەکیشی سیاسی دەست پیدەکەن. بەلام بۆخەلك باسی گەندەلی تەعبیرە لەباسی داکۆکی کردن لە ژیان و هیانە کایەوەی دەسەلات و حکومەتیکی مەدەنی وشارستانی کە خەلك خۆیان دەوریان تیدا هەبی. بەم پییەش باسی گەندەلی بەلای خەلکەوە باسی "چاکسازی حکومەتەکانی ئیستا" نیە، بەتایبەتی کە لەکوردستان نەحکومەتیك هەیە بۆچاکسازی کردن وەنە ئیداریەك هەیە بۆ نەهیشتنی فەساد تێیدا.. بەلکو بۆ ئەوان باسی گەندەلی کۆتاییهینانە بە دەسەلاتی میلیشیایی ئەحزابی قەومی و ئیسلامی و دامەزراندنی دەولەتیکی سەربەخۆی نەقەومی ونەئاینی..

بەلام لەهەموو ئەم هەراو هوریایەو ئەو پروپاگەندانەدا کەلەبارەی گەندەلیەوە لەپەیوەند بە هەلبژاردنەوە هاتۆتەکایەوە، نابی ئەو خالە لەبەرچاو خەلکی ونبێت کە خودی هەلبژاردنی ئیستا گەندەلیەو لەلایەن گەندەلانەوە دەستی بۆبراوە.

هەلبژاردن خۆی گەندەلیە. کاتیك لەسایەی جەنگ و تیرۆرو داگیرکاری ئەمریکا بەریوەبچیت، کاتیك ژیانی هەلواسراوی خەلك و چارەنوسیان درابیتە دەستی تاقمیك چەك بەدەست و کۆنەپەرست، کاتیك ئازادی سیاسی و خو نواندن ومافە فەردی و مەدەنیەکانی خەلك خرابیتە ژیر پێوە!... هەلبژاردن گەندەلیە چونکە هەرلەسەرەتاوە کورسیەکان دابەشکراوە بەسەر نوینەرانی قەوم و قەبیلەو ئاین و لقە مەزهەبیەکاندا.. لەیەك وشەدا هەلبژاردن خۆی گەندەلە چونکە لەپشتیەوە دەستوریکی فاشی قەومی وئیسلامی راوەستاوە کە نەك هیچ مافیك و ئازادیەك بە خەلکی نادات بەلکو راستەوخۆ لەدژی ژیان و موقەدەراتی ئینسانی ئەوانە.. کەوایە ئەگەر خەلك دژی گەندەلیەو نارازیە پیی، نابی لەم هەلبژاردنەدا بەشدار بن.. نابی پەنجەموری دەستی کەس و دەنگی هیچ کەسیك بچیتە گیرفانی گەندەلانیکەوە کە خەلکی لەدژیان وەگیان هاتووە... بەشداری نەکردن و ترۆکردنی ئەم هەلبژاردنە لەلایەن خەلکەوە تەنها هەنگاویکی بەکردەوە وکارسازە لەراستای راوەستانەوەدا بەدژی گەندەلی و سەرچاوەکانی.